کەشناسیی عێراق: وەرزی لەژێر کاریگەریی درێژبوونەوەی نزمە پاڵەپەستێکی گەرمیی وەرزییدا دەمێنێتەوە

دەستەی گشتیی کەشناسیی عێراق، رایدەگەیەنێت، وەرزی لەژێر کاریگەریی درێژبوونەوەی نزمە پاڵەپەستێکی گەرمیی وەرزییدا دەمێنێتەوە، کە بەگشتی کەشوهەوایێکی هاوینەی سەقامگیر و زۆر گەرمی لە دەکەوێتەوە، لەگەڵ ئاسمانێکی سامان و هێندێک پەڵەهەور لە ناوچەکانی ژێرهاتی وەاتدا.

ئەمڕۆ دوو شەممە 2025/8/4، دەستەی گشتیی کەشناسایی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "پلەکانی گەرما بەراورد بە دوێنێ، لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور کەمێک بەرزبوونەتەوە، لە کاتێکدا لە ناوچەی باکوور نەگۆڕاون."

بەرزترین پلەکانی گەرمای تۆمارکراوی ئەمڕۆ، لە بەغدا 47 ، کەرکوک 44 ، نێنەوا 44 ، سەلاحەدین 45 ، دیالە 47، ئەنبار 43، کەربەلا 47، بابل 47، واست 47، نەجەف 48، دیوانیە 47، میسان 50، زیقار 48، موسەننا 47 و بەسرە 49 پلەی سیلیزیە.

لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دهۆک 41 ، هەولێر 43 و سلێمانی 43 پلەی سیلیزیە.